ژن لە شارستانیەتی کۆندا

محمد لاجانی (بەشی یەکەم) سەرچاوە: کتیبی "المرأة فی الاسلام"

ا- دەورانی کۆنی میسر (دەورانی فیرعوونەکان):

لەو دەورەدا ژنان لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا لەباری چالاکیی کۆمەلایەتی‌و نفووز و پێوشوێن داناں، نەخشی ئەوتۆیان نەبووە. لە حاڵێکدا ژنانی چینی دەسەڵاتدار و خێزانی ئەشرافیەکان، خوێندن و شێعروتن‌و نزیکی لە خواکان‌و مەراسیمی دینی و قوربانیکردنیان فێردەکرا تا ئەوجێیەی بە مەقامی کاهینی دەگەیشتن‌و لە نێوان سەدەکانی یازدە تا حەوتی پێش زایین، تا سنووری حکوومەت دەچوون. هاتوچۆی کوڕان و کچان، ئازاد و بێبەندوبار بوو و بەتەواوی بێنەزم بوو. ژن دەچوو بۆ داواکاریی پیاو. فرەژنی بۆ فیرعەونەکاندا لەپاڵ هەبێ. لە مالی فیرعەونەکاندا باو بوو تا منالی زۆریان هەبێ. لە مالی فیرعەونەکاندا لەپاڵ فرەژنی، بەردەوام ژنێک بەناوی مەلەکەی گەورەو خاتوونی یەکەم هەبوو و باقی هاوسەرەکان بە هاوسەری پلەدوو دەهاتنە ئەژمار. تەنیا ئەو ژنانەی نەزۆک بوون دەیانتوانی تەڵاق وەربگرن. بەڵام ژنان لەباری ئابووریەوە مافی دەستبەسەرداگرتنی مالی خۆیان هەبوو و دەیانتوانی کڕین و فرۆش بکەن.

۲- ژن لەڵای سوومریەکان:

سوومریەکان هێندێ مافیان بۆ ژنان رەچاو دەگرت و ژنان دەیانتوانی تیجارەت و بازرگانی بکەن‌و خاوەنی مالی خۆیان بن. ئەگەر نەزۆک بوونایە دەیانتوانی کەنیزێك بۆ مێردەکانی خۆیان بکڕن تا لەوان ببنە خاوەنی منداڵ. لە دەورانی ئاشووریەکان ژنی سومەری دەبوایە لەکاتی چوونەدەر لەماڵەوە، رووبەند و حیجابی تەواوی ببێ. کەنیز نەیدەتوانی رووبەند بپۆشێ مەگەر کاتێ ئەربابەکەی لە حزووری چوارکەسی شاهید، بڵێ کە کەنیزەکەی بووەتە هاوسەری قانوونیی ئەو، ئەوکات حیجابی بە رووخساری هاوسەرەکەی دادەدا. هەڵبژاردنی چەند مێرد بو ژن "مباح" بوو تاکوو "اورکاجینا" ئەمیری سوومەری (۲۳۷۸ - ۲۳۷۱ی پ.ز) ئەو دیاردەیەی بایکۆت کرد. ئەگەر مێردێك ژنەکەی رازی بوایە، دەیتوانی لەگەڵ کچی خۆیان ژیانی هاوسەری پێك بهێنێ بێئەوەی کێ مافی ناڕەزایەتیی هەبێ.

۳- ژن لەڵای بابلیەکان:

ژن لەلای بابلیەکان وەکوو کالای بەرپێیان زۆرجار کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا. بێبەندوباریی جنسی زۆر باو بوو. تەنانەت شوێنەکانی ئایینی و عیبادەتیش لەو کارە لە ئەماندا نەبوون، بەڵکوو رووسپیگەریی موقەدەسیش لە بابلدا هەبوو تاکوو "قسطنطین" لە دەرووبەری ۳۲۵ی پێش زایین ئەو دیاردەیەی لابرد. تەنانەت قانوونی "حمورابی" کە بە دیققەت و ئینساف ناسرابوو، بەهۆی مادەی ۱۱۷، مافی بە مێرد دەدا کە ژنەکەی بفرۆشێ یان بە بارمتەی دابنێ. بەهۆی ئەو مادەیە "هەرکات مێرد لەبەر قەرزداری تووشی زیندان بوو، ژن یان کوڕ یان کچەکەی فرۆشت، یان ئەوانی کردە عەبدی خاوەن قەرزەکەی، ئەوان لەسەریان واجبە سێ ساڵ خزمەت بکەن و ساڵی چوارەم ئازادیی خۆیان وەدەست دەهێننەوە". نیزامی میرات لە قانوونی "حمورابی" زۆر زاڵمانە بوو. لە نێوان منالی هاوسەری ئازاد و منالی هاوسەری کەنیز جیاوازیی دادەنا. هەرچی لەدوای مردوو بەجێدەما، بەر منالی هاوسەری ئازاد دەکەوت، لەحاڵێکدا هاوسەر و منالی کەنیز لێی بێبەش دەبوون.

٤- ژن لەڵای ئاشووریەکان:

بارودۆخی ژنی ئاشووری لە ژنی بابلی خراپتر بوو. بازرگانی ئاشووری لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی خۆی دەیتوانی بێجگە لە زەماوەندی ئاسایی، زەماوەندی کاتیش بکات. مێرد دەیتوانی هاوسەرو منالی خۆی بفرۆشێ یان بیانکات بە عەبدی خاوەن قەرز لەجیاتی قەرزەکەی. حیجاب و حەیا لە ئەرکەکانی ژنی ئاشووری بوو. تەنانەت حیجاب رەمزی پاکداوێنی و شەرەفپارێزی بوو. لەحاڵێکدا کەنیز یان رووسپی هەرکات حیجابیان دەپۆشی، سزایان برینی گوێچکەو دەستبەسەرداگرتنی لیباسەکانیان بوو و دەبوونە ملکی کەسێك کە ئەو هەواڵەی دەگەیاندە قەسری حکوومەت. بەپێچەوانەوە (واتە هەرکەس کەنیزێکی موحەجەبەی بدیتایە و دەنگی نەکردایە) سزاکەی ئەوە بوو کە لەپشتەوە لەگەڵ کەنیزەکە بە گوریسێك دەیانبەستنەوە و لیباسیان لەبەر دادەکەندن و پەنجا شەڵاقیان لێدەدان و دەبوایە ئەو کەسە یەك مانگی تەواو لەخزمەت پاشا بێگاریی بکردایە.

۵- ژن لەڵای ئێرانیەکان:

ژن لەلای ئێرانیەکان بەختەوەرتر لە ژنی تەمەدونەکانی سەردەم نەبوو، بەڵکوو وەزعی خراپتر بوو. مەزەدەك لە ئیمپراتۆری ئێراندا حوکمی دا ژن لە بەینی چەند پیاودا ئیشتراکی هەبێ (واتە ژنێك ببێتە هی چەند پیاو). فرەژنی بێسنوور و بێنەزم بوو، هاوسەرێتی لەگەڵ دایك و کچ و خوشك، ئازاد و قانوونی بوو. لەکاتی زەردەشتدا وەزعی ژن لەباری ئیحترام و دان پێدانان بە مافی مالیی ژن، تا ئەندازەیێك باشتر بوو بەڵام لەدوای مەرگی زەردەشت دیسان وەزعی ژن بەرەو خراپی رۆیشتەوە. پادشاکانی ئێرانی هەموو ساڵێك دیارییان دەدا بەو کەسانەی کوڕی زیاتریان هەیە. ژنانی ئەشرافیی و دەوڵەمەندەکان قەت نەیاندەتوانی لەماڵ دەرکەون، مەگەر لەناو کەژاوەیێکدا کە بە پەردە داپۆشرابایە بۆ ئەوەی کەس نەیان بینێ.

٦- ژن لەڵای هیندیەکان:

ژنی هیندی لەگەڵ کەنیزێك کە کڕین و فرۆشتنی پێدەکرا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو چونکە پیاوی هیندی بەچاوی سووك و ئیهانەتەوە لە ژنی دەڕوانی و ژن دەبوایە بە لەقەبی ئاغا و سەروەر مێردەکەی بانگ بکردایە. لەقانوونی "مانو"دا ژنیش وەکوو کەنیز مالیك و خاوەنی هیچ نەبوو. هەرچی پەیدای بکردایە هی مێردەکەی بوو. تا ئەوکاتەی تەڵاق نەدرایە نەیدەتوانی خۆی لە مێردەکەی جیا بێتەوە. هەرکات ژن مێردەکەی دەمرد خۆشیان دەسووتاند، جاری واهەبوو پێش تەرمی مێردەکە ژنەکەیان دەسووتاند یان لەناو چاڵێکدا ژێرگڵیان دەدا. ئەو دیاردەیە لەمێژووی هێندوستاندا ریشەی دوور و درێژی هەبوو. بەپێی مادەی ۳۳ی قانوونەکانی "مانو"، هاوسەرێتی لە ریگەی کڕین یان داگیرکاریەوە جایز بوو کە تێیدا هاتبوو: "هەرکات پیاوێك ژنێکی بینی کە ئەسیر کراوە یان لەحاڵی گریاندایە و هاوار دەکا، ئەگەر پیاوەکە توانی خێزانی ژنەکە شکست بدا یان بیانکوژێ، ئەوکات پیاوەکە بەتەواوی دەبێت بە خاوەنی ژنەکە".

۷- ژن لەڵای چینیەکان:

ژن لەلای چینیەکان مافی ئەوەی نەبوو بچێتە مەعبەدەکان و نەیدەتوانی قوربانی بۆ کەس‌وکارو پێشینیەکانی بکا. "کنفوسیوس" حەکیمی چینی کە بە پێغەمبەری چینیەکان دەهاتەئەژمار، دەڵێ: "شتگەلێکی زۆر هەن کە دەبنە هۆی بەدبەختی و چارەڕەشیی مرۆڤایەتی کە سەرچاوەکەیان ژنە". چینیەکان لەدایکبوونی کچیان بە باریکی قورس دەزانی و بنەماڵە فەقیرەکان مەلۆتکەی کچەکانیان لە مەزراکاندا فڕێ دەدا تا سەرما بیانبا یان دەپندەیێك بیانخوا و لەو کارەشیان هەرگیز هەستیان بە گوناە و تاوان نەدەکرد. ژن دەبوایە وەکوو بەردە بۆ مردن و تەڵاق ئیتاعەی مێردی بکردایە. پیاو دەیتوانی لە کاتی پێوستدا ژنەکەی بفرۆشێ.

۸- ژن لەڵای ژاپۆنیەکان:

ژاپۆنیەکان ئەحکام و دەستووراتیان نیسبەت بە ژنان و خێزان، زۆر لە هی چینیەکان دەچوو و جیاوازییێکی ئەوتۆیان نەبوو. هاوسەرگیری لەلای ژاپۆنیەکان وەکوو موعامەلەو کڕین‌وفرۆشتن وابوو. ژن مافی خاوەندارێتیی هیچ جۆرە مولك‌ومالێکی نەبوو و میراتی نەدەبرد. باوك دەیتوانی لەکاتی پێویستدا کوڕ یان کچی خۆی لە بازاڕی بەردەفرۆشان بفرۆشێ.

۹- ژن لەڵای یونانیەکان:

هاوسەرگیری لەلای یونانیەکان لەڕێگەی کڕین و فرۆشتنەوە بوو و زۆر بە سووکی سەیری ژن دەکرا. "گوستاولوبون" دەڵێ: یونانیەکان و سەرجەم ئەغریقیەکان ژنیان بە مەخلووقێکی سووك دادەنا و پێیان وابوو ژن تەنیا بۆ بەردەوامیی نەسل و بۆ کاروباری ناومالێ بەکەڵکن و هەرکات ژن منالی ناشرینی هینابایەدونیا، دەیانکوشت. هەروەها ژنەکانیان بۆ ئەوەی زاوزێ بکەن دەیاندان بە عاریە (قەرزی بێسوود و سەلەم) و بەلایانەوە هیچ عەیب نەبوو. "سیوتروبلونگ" لەو بارەوە دەڵێ: (ژنێك کە توانای زاوزێی هەبوو، بە عاریە لە مێردەکەی وەردەگیرا تاکو بۆ خزمەت بە وەڵاتەکەی منالی زۆر بەدونیا بێنێ. ژنانی یونانی لە گەشەپێدانی شارستانیەتی یونانی هیچ نەخشێکیان نەبوو جگە لە کچانی عاشق و هەوەسباز). ئەوە تەنیا رای خەڵکی عادی ی یونان نەبوو، بەڵکوو بیرمەندانی یونانیش هەروایان بیردەکردەوە. لەئەرەستۆوە نەقڵ کراوە کە گوتویە: "سرووشتی ئادەمیزاد لە پیاواندا دەگاتە ئاخرین پلەی کەمالێ و بێعەیب‌وخەوشی، بەڵام ژن خۆی نەوعێك کەم‌وکورتیی ئادەمیزادە". هەروەها دەڵێ: "پیاو بۆ شەریفترین کردەوە و پیرۆزترین بیرۆکە خولقاوە، لەحاڵێکدا ژن بۆ دابینکردنی بەردەوامیی نەسل خولقاوە". هەر وەکوو باوە، حیکمەتی فەلسەفەکانی یونان نە لە ئاتین و نە لە شوێنەکانی دیکە، ریگەی لە کردەوەی فیسق‌و فەسادو خراپەکاری‌و داوێن پیسی نەگرت و کۆسپی لەبەردەم ئەو ژنانە دانەنا کە قوتابخانەی تایبەتییان هەبوو تا موسیقی و فەحشا و روسپیگەری پەرەپێبدەن.

۱۰- ژن لە شارستانیەتی رۆمیدا:

رۆمیەکان ئەوەندە لە بیستنی لەدایکبوونی کچ بێزار بوون کە وەکوو یونانیەکان کوشتنی کچەکەیان بەکاریکی باش دەزانی. باوك حاکمێکی زاڵم بوو، هەرکات پێی خوش بوایە کچەکەی دەفرۆشت یان دەیبەخشی بەکەسانی تر یان دەیکوشت. ژن، مارەیی و تەواوی مولك و سامانێك کە بیبوایە دەیهێنا بۆ مالی مێردو لەگەڵ گەشتنی بەمالی مێرد، هەموو دەبوو بە مولکی پیاوەکەی. قانوونی رۆمیەکان لە ژنی وەکوو منالۆ شێت دەپرانی هەربۆیە ژن نەیدەتوانی بەهیچ جۆرێك شایەتی بدا یان پێشنیار بکات. ژن میراتی نەبوو. لەگەڵ ئەوەی لە مالی باوکی دەچووەدەر، (بەمەبەستی شووکردن) لە هەموو شت بێبەش دەبوو. مێرد دەیتوانی ژنەکەی دادگای بکات و سزای بدات تا ئەوجێیەی کە مەسەلەی خەیانەت بە ناموووسی مێرد دەهاتەپێش، پیاو دەیتوانی ژنەکەی خۆی ئێعدام بکات. ژن دەبوایە رووبەندو حیجابی هەبێ و کاتی دەیتوانی لەمالێ بچێتەدەر کە عەبایێکی لەبەردابا کە بەتەواوی داپۆشیبا‌و قەدوبالای لەژێرەوە دیار نەبوایە. بەڵام یاری‌و گەمەو رابواردن و عەیش‌ونۆشی رۆمیەکان ژنی لەژێر حیجاب‌و عەبا هێنایەدەرو مەیخانە وکابارەکان لە هەموو شوێنێکی وەڵات سەری هەڵدا. زینا‌و فەحشا وەکوو کاریکی ئاسایی لێهات. تەڵاق بە رادەیێك زۆر بوو کە هیچ ژنێکی "فرح الحال" نەبوو کە جارێك تەڵاق نەدرابێ. بەڵام هاوسەرگیری لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگای رۆم لەگرەوی مالێ‌و سیاسەتدا بوو. هەربۆیە ژنانی چینی سەروەی کۆمەڵگای رۆم توانیان لە ئەنجوومەن و کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکەن و کاریگەریی زۆر بەدونیا بێنێ. ژنانی یونانی لە گەشەپێدانی شارستانیەتی یونانی هیچ نەخشێکیان نەبوو جگە لە کچانی عاشق و هەوەسباز). ئەوە تەنیا رای خەڵکی عادی ی یونان نەبوو، بەڵکوو بیرمەندانی یونانیش هەروایان بیردەکردەوە. لەئەرەستۆوە نەقڵ کراوە کە گوتویە: "سرووشتی ئادەمیزاد لە پیاواندا دەگاتە ئاخرین پلەی کەمالێ و بێعەیب‌وخەوشی، بەڵام ژن خۆی نەوعێك کەم‌وکورتیی ئادەمیزادە". هەروەها دەڵێ: "پیاو بۆ شەریفترین کردەوە و پیرۆزترین بیرۆکە خولقاوە، لەحاڵێکدا ژن بۆ دابینکردنی بەردەوامیی نەسل خولقاوە". هەر وەکوو باوە، حیکمەتی فەلسەفەکانی یونان نە لە ئاتین و نە لە شوێنەکانی دیکە، ریگەی لە کردەوەی فیسق‌و فەسادو خراپەکاری‌و داوێن پیسی نەگرت و کۆسپی لەبەردەم ئەو ژنانە دانەنا کە قوتابخانەی تایبەتییان هەبوو تا موسیقی و فەحشا و روسپیگەری پەرەپێبدەن.

۱۰- ژن لە شارستانیەتی رۆمیدا:

رۆمیەکان ئەوەندە لە بیستنی لەدایکبوونی کچ بێزار بوون کە وەکوو یونانیەکان کوشتنی کچەکەیان بەکاریکی باش دەزانی. باوك حاکمێکی زاڵم بوو، هەرکات پێی خوش بوایە کچەکەی دەفرۆشت یان دەیبەخشی بەکەسانی تر یان دەیکوشت. ژن، مارەیی و تەواوی مولك و سامانێك کە بیبوایە دەیهێنا بۆ مالی مێردو لەگەڵ گەشتنی بەمالی مێرد، هەموو دەبوو بە مولکی پیاوەکەی. قانوونی رۆمیەکان لە ژنی وەکوو منالۆ شێت دەپرانی هەربۆیە ژن نەیدەتوانی بەهیچ جۆرێك شایەتی بدا یان پێشنیار بکات. ژن میراتی نەبوو. لەگەڵ ئەوەی لە مالی باوکی دەچووەدەر، (بەمەبەستی شووکردن) لە هەموو شت بێبەش دەبوو. مێرد دەیتوانی ژنەکەی دادگای بکات و سزای بدات تا ئەوجێیەی کە مەسەلەی خەیانەت بە ناموووسی مێرد دەهاتەپێش، پیاو دەیتوانی ژنەکەی خۆی ئێعدام بکات. ژن دەبوایە رووبەندو حیجابی هەبێ و کاتی دەیتوانی لەمالێ بچێتەدەر کە عەبایێکی لەبەردابا کە بەتەواوی داپۆشیبا‌و قەدوبالای لەژێرەوە دیار نەبوایە. بەڵام یاری‌و گەمەو رابواردن و عەیش‌ونۆشی رۆمیەکان ژنی لەژێر حیجاب‌و عەبا هێنایەدەرو مەیخانە وکابارەکان لە هەموو شوێنێکی وەڵات سەری هەڵدا. زینا‌و فەحشا وەکوو کاریکی ئاسایی لێهات. تەڵاق بە رادەیێك زۆر بوو کە هیچ ژنێکی "فرح الحال" نەبوو کە جارێك تەڵاق نەدرابێ. بەڵام هاوسەرگیری لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگای رۆم لەگرەوی مالێ‌و سیاسەتدا بوو. هەربۆیە ژنانی چینی سەروەی کۆمەڵگای رۆم توانیان لە ئەنجوومەن و کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکەن و کاریگەریی زۆر بەدونیا بێنێ. ژنانی یونانی لە گەشەپێدانی شارستانیەتی یونانی هیچ نەخشێکیان نەبوو جگە لە کچانی عاشق و هەوەسباز). ئەوە تەنیا رای خەڵکی عادی ی یونان نەبوو، بەڵکوو بیرمەندانی یونانیش هەروایان بیردەکردەوە. لەئەرەستۆوە نەقڵ کراوە کە گوتویە: "سرووشتی ئادەمیزاد لە پیاواندا دەگاتە ئاخرین پلەی کەمالێ و بێعەیب‌وخەوشی، بەڵام ژن خۆی نەوعێك کەم‌وکورتیی ئادەمیزادە". هەروەها دەڵێ: "پیاو بۆ شەریفترین کردەوە و پیرۆزترین بیرۆکە خولقاوە، لەحاڵێکدا ژن بۆ دابینکردنی بەردەوامیی نەسل خولقاوە". هەر وەکوو باوە، حیکمەتی فەلسەفەکانی یونان نە لە ئاتین و نە لە شوێنەکانی دیکە، ریگەی لە کردەوەی فیسق‌و فەسادو خراپەکاری‌و داوێن پیسی نەگرت و کۆسپی لەبەردەم ئەو ژنانە دانەنا کە قوتابخانەی تایبەتییان هەبوو تا موسیقی و فەحشا و روسپیگەری پەرەپێبدەن.

۱۱- ژن لە شارستانیەتی ئیسلامدا:

لە تەوراتدا نیسبەت بە فرەژنی ئیشارە بە چەندوچونیی نەکراوە بەڵام لە چەندین "نص"ی تەلموودا هاتووە بۆ هەموو خەڵکی تا چوار ژن گونجاوە بەوشەرتەی مارەیی ی ژنی یەکەم لە هی دووەم‌و ژنی دووەم لە هی سێهەم و سێهەم لە هی چوارەم زیاتر بی. بەڵام تەلموود بەو پێوانەی کە لە کتێبی یەهوودا ئیشارەی پێکراوە، بۆڕێبەرانی قەومی یەهوود تا ١٨ ژنی موباح کردووە. لەو مەکتەبەدا زۆر هۆ هەن بۆ تەڵاقدانی ژن یان بەقسەی "حاخام"ەکان تەنانەت ئەگەر ژن چێشتی خۆش لێنەنا یان کەبابی سووتاند، ئەو مەسەلە دەتوانێ ببێتە هۆیێك بۆ تەڵاقدانی ژن. تەورات بۆ پیاوی حەرام کردووە کە لەگەڵ ژنەکەی خۆی کە پێشتر تەڵاقی داوە و ژنەکەش شووی دیکەی کردبێتەوە، دووبارە ببێتەوە بە هاوسەر. جوولەکەکان رەسمێکی سەیریان هەیە کە ئەویش ئەوەیە: "ئەگەر ژنێك شووەکەی بمرێ و منالی لێی نەبێ؛ لەسەر برای مردووەکە واجبە کە براژنە بیوەکەی بکات بە هاوسەری خۆی و هەرکات لەدوای هاوسەرێتی منالێکیان بوو، دەبێ ئەو منالە بەناوی کابرا مردووەکە نێو بندرێ و بەو نیسبەت بدرێ نەك مێردە تازەکەی. ئەگەر کابرا مرد و برای مردووەکە حازر نەبوو لەگەڵ براژنە بیوەکەی ژیانی هاوسەری پێك بێنێ؛ براژنەکە دەتوانێ لەلای شێخەکانی بەنی ئیسرائیل سکاڵا بکات تا هێوەرەکەی ناچار بکەن براژنی بکات بە هاوسەری خۆی، ئەگەر دیسانیش حازر بەوکارە نەبوو، براژنەکەی پێڵاو لە پێی فرێ دەدا و تفێك لەناوچاوانی هێوەری دەکات و ئەو ماڵە لەو رۆژە بەدواوە لەناو بەنی ئیسرائیلیەکاندا بە (ماڵە پێپەتی) ناو دەردەکەن". ئەوکارە ئەوە دەگەیێنێ کە ژنی شووکردوو تەنیا مولکی مێرد نیە بەڵکوو هی هەموو عەشیرەتە. ستەمێکی دیکە کە لە ژن دەکرێ ئەوەیە کە جوولەکەکان میرات نادەن بە ژنێك کە مێردەکەی دەمرێ، مەگەر مردووەکە کوڕیان نەوەی کوڕی نەبێو لەو حاڵەتەشدا ژن ناتوانێ بێجگە لە کەسوکاری عەشیرەتەکەی شوو بە کەسی دیکە بکات بۆئەوەی میرات بەر خەڵکی غەیری عەشیرەتەکەی نەکەوێ. هەروەها یەهوودیەکان پێیان حەرام بوو ژن بێتە ناو کاهینییەتەوە و لە کۆمەڵەکانی دینیدا بەشداریی جیددی ی هەبێ و بەبیانووی ترس لە تێوەگلانی ژن، یان بەبیانووی ئەوەی کە رەنگە کرانەوەی دەرگایەك بێ بۆ بەلاڕێداچوونی دینەکان‌و شارستانیەتی شەرقی، زینای موقەددەس لەناو معابیدەکاندا بەڕێوە دەچوو.

***

{مەبەست لەو نموونە هێنانەوە بەڕاست زانینی ئەو دەقە نیە بەڵکوو مەبەست نیشاندانی فیکرەی دینیی جوولەکەیە کە ئەو جۆرەی کە لە کتێبی خۆیان لەبارەی ژن و هاوسەرگیریەوە هاتووە، دەنا بۆ هەموو باوەڕداران ئاشکرایە ئەو دەقانە لەگەڵ پاکداوێنیی پێغەمبەران (د.خ) وگەورەیی ی ئەوان یەکتر ناگرنەوە}.